دکتورسالح ئیبراهیمی



ئەی پێغەمبەرا هەرکاتێ ژنانی بڕوادار هاتنە لات تا بەیعەتت پێبکەن کە هاوبەش بۆ خوا دانەنێن و دزی نەکەن و زینا نەکەن و منداڵانی خۆیان نەکوژن و تۆمەت و بوختان نەهێننە نێو دەس و پێیانەوە و لە کاری چاکدا نافەرمانی تۆ نەکەن، جا بەیعەتیان لێ وەربگرە و لە خوا داوای لێبوردنیان بۆ بکە، بەڕاستی خوا لێبوری فرە دڵاوێنە ﴿١٢﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! لەگەڵ هۆزێ کە خوا غەزەبی لێگرتوون دۆستایەتی مەکەن، ئەمانە لە ئاخیرەت بێهیوان، هەروەکوو خوانەناسەکان لە مردووەکانی نێو قەبر بێهیوان ﴿١٣﴾

## سوورەی سەف ١٤ ئایەتە

### سوورەی سەف لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١۴ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە پەسنی بێخەوشی خوا دەڵێن، هەر خوایشە فرە بەدەسەڵاتی لەکارزان ﴿١﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! بۆچ قسەیێ دەکەن کە عەمەلی پێناکەن ﴿٢﴾ ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە بۆ داخێون و کار و کردەوەی پێناکەن؟ ﴿٣﴾ خوا کەسانێکی خۆشدەوێ کە لە ڕێگای ئەودا ڕیز ببەستن هەروەکوو دیوارێ کە بە قورقوشم پێکەوە لکابن خەزا و بجەنگن ﴿۴﴾ بێنەوە بیر کاتێ کە مووسا بە هۆزی خۆی وت: ئەی هۆزم! بۆچ ئازارم ئەدەن باوەکوو دەزانن من ڕەوانەکراوی خوا بۆ لای ئێوەم؟ جا کاتێ ئەوانە لە هەق لایاندا، خوا دڵ و دەروونی ئەوانی لە هەق کلا کرد، خوا خەڵکی خراپ و فاسق و نافەرمان ڕێنوێنی ناکا ﴿۵﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



بێنەوە بیر کاتێ کە عیسای کوڕی مریەم وتی: ئەی بەرەی ئیسرائیل! من ڕەوانەکراوی خوا بۆ لای ئێوەم، تەوراتێ کە بەر لە من بووە دەیسەلمێنم و تەسدیقی دەکەم و بە پێغەمبەرێ کە دوای من دێ و ناوی ئەحمەدە مزگێنیتان پێ‌ئەدەم، جا کاتێ ئەو پێغەمبەرە بە نیشانەی ڕوون هاتە سەریان، وتیان: ئەمە جادوویەکی ئاشکرایە ﴿٦﴾ چ کەسێ ستەمکارتر لەو کەسەیە کە درۆ بە دەم خواوە هەڵدەبەستێ (و بە درۆ دەخاتەوە)، لە حاڵێکدا کە بۆ ئیسلام گازی و بانگ دەکرێ، خوا هۆزی ستەمکار ڕێنوێنی ناکا ﴿٧﴾ ئەوانە دەیانەوێ تیشک و نووری خوا بە (فووی) دەمیان بکوژێننەوە، بەڵام خوا نووری خۆی (سەردەخا و) تەواو دەکا، هەرچەن خوانەناسان و کافران پێشیان خۆشنەبێ ﴿٨﴾ خوا زاتێکە ڕەسووڵی خۆی بە ڕێنوێنی و دینی بەر هەق ناردووە تا ئەوە بەسەر هەموو دینەکاندا سەربخا و زاڵی بکا، هەرچەن ئەوانەی شەریکیان بۆ خوا داناوە پێشیان ناخۆشبێ ﴿٩﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! ئایا ڕێنوێنیتان بکەم بۆ بازرگانییەک کە لە عەزابی دەرداوی ڕزگارتان بکا ﴿١٠﴾ بە خوا و پێغەمبەری خوا بڕوا بێنن و لە ڕێگای خوادا بە ماڵ و گیانی خۆتان خەزا و جیهاد بکەن، ئەمە بۆ ئێوە باشترە، ئەگەر بزانن ﴿١١﴾ ئەگەر وا بکەن گوناهانی ئێوە دەبەخشێ و ئەتانباتە نێو بەهەشتگەلێ کە چۆمە ئاو بە بن دارەکانیدا تێدەپەڕێ و دەتانباتە نێو خانووبەرەگەلێ پاک و خۆش لە بەهەشتگەلێ عەدن، ئەمە سەکەوتێکی گەورەیە ﴿١٢﴾ (نیعمەتێ)تر کە پێتان خۆشە خوا بتانداتێ، یارمەتی‌دانێکە لە لایەن خواوە و سەرکەوت و فەتحێ نێزیکە، بە بڕواداران مزگێنی بدە ﴿١٣﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! یارمەتیدەرانی خوا بن هەروەکوو عیسای کوڕی مریەم بە حەوارییەکانی وت: کێیە یاریدەری من لە (ڕێی) خوا، حەوارییەکان کوتیان: ئێمە یاریانی خواین. جا دەستەیێ لە بەرەی ئیسرائیل بڕوایان هێنا و دەستەیەکیش هەر بێ‌بڕوا مان، جا ئێمە ئەوانەی کە بڕوایان هێنابوو لە ڕاست دوژمنەکانیاندا پێشتیوانیمان لێ‌کردن، جا سەرەنجام سەرکەوتن و زاڵ بوون ﴿١٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi